# ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاکێشانی وەبەرهێناندا
## (توێژینەوەیەکی هەڵێنچراو لەنامەی ماستەر)

سەنگەر کانەبی حەمەسالح[1] پ. ی. د. هۆشیار مزفەر عەلی [2]
[1] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[2] بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە**
ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاکێشانی وەبەرهێناندا) هەوڵی داوە وەڵامی ئەوە بداتەوە کە ئایا پەیوەندیەگشتیەکان وەک بە شیکی سە رەکی پەیوەندیی و بەرێودبردن لە ڕێگەی ئەرك و ئامانج و شیوازەکانییەوە کاریگەریی لەسەر ڕاکێشانی وەبەرهێنەران هەیە بۆ هەرێمی کوردستان؟ ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە لە ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمەکە؟ ئاستی کاریگەریی کاری پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانیدا چۆنە لەهاندانی وەبەرهێنان لەهەرێمدا.
توێژەر میتۆدی توێژینەوەی وەسفی ڕووپێوی بەکارهێناوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیاری و داتاکان و لێکدانەوەیان و شیکردنەوە و شرۆڤەکردن و لێکولینەوە لە دیاردەکە. ئەو ئامرازانە بەکارهێنراون کە لەگەڵ میتۆد و کێشە و ئامانج و سروشت و کۆمەڵگەی توێژینەوە کە دا بگونجیت، بە بەکارهێنانی فۆرمی ڕاپرسی و پشتبەستن بە پرۆگرامی ئاماریی (SPSS)" بۆ شیکردنەودی برگەکانی فۆرمی ڕاپرسیە کە و لایەنە دیموگرافیەکانی. کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە فەرمانگەی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نووسینگەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەتەکانی هەرێم، ئەو وەزارەتانەی بەشی پەیوەندییەکان لەخۆدەگرن. واتە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە بریتە لە فەرمانگەی پەیوەندییەگشتییەکان(10) وەزارەت لە کۆی(19) وەزارەتی کابینەی نۆیەم و فەرمانگای پەیوەندییەکانی دەروەوی حکومەتی هەرێمی کوردستان، توێژەر بۆیە ئەو وەزارەت و فەرمانگای وەرگرتووە چونکە تەنها ئەو(10) وەزارەت و(1) یەك فەرمانگەی بەشی پەیوەندییەکان لەپەیکەری وەزارەت و فەرمانگایان هەیە. نموونەی ئەم توێژینەوەیە برتیە لە کارمەندانی بەشی پەیوەندییەکانی وەرگرتووە کە ژمارەیان(96) کارمەندبوو بە هەردوو رەگەز.
ئامانجی توێژینەوەکە بریتیەیە لە دەرخستنی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بۆ هەرێمی کوردستان، دیاریکردنی میکانیزمی کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بۆ ناو هەرێمەکەدا. هەروەها زانینی جۆری ستراتیژییە پێشکەوتووەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان ، زانینی مەودای بایەخدان بە چالاکییەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.
گرنگترین ئەو دەرئەنجامانەی ئەم توێژینەوەیە پێگەیشتوون پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری ڕاستەوانە هەیە لە نێوان پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، پەیوەندییە گشتییەکان کاریگەری بەهاداری ئاماری هەیە لەسەر ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمی کوردستان، سەرکەوتنی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەزارەت و دەستەی وەبەرهێنان لەئەنجامی پلانێکی کۆمەڵی بووە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێن بۆ هەرێمی کوردستان، نووسینگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەت و دەستەکانی هەرێمی کوردستان پلانێکی سەرکەوتوو بەکاردێنێت بۆ مامەڵەکردنی وەبەرهێنەر ناوەوەو دەرەوە بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەکی ئابووری بۆ ڕاکێشانی سوودو قازانج بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان، نووسینگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەت و دەستەکانی هەرێمی کوردستان هاوکارو پاڵپشتە لە پێناو سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنەری هەرێم لەدوای ساڵی 2003دا.

**کلیلی وشەکان: ڕۆڵ، پەیوەندییە گشتییەکان ، وەبەرهێنان، وەبەرهێنەر ، حکومەتی هەرێمی کوردستان.**

مجلّة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 يناير 2022؛ قُبل في 15 مارس 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 12 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: sangarkanabe21@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 سەنگەر، د. هوشيار. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

## پێشەکی:

پەیوەندییە گشتییەکان وەك چالاکییەکی مرۆیی لە کارگێڕیدا فەلسەفەیەکی تایبەتی بەخۆی هەیە، ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکان لەهاندانی بەوەبەرهێنان، یەکێکە لەڕۆڵە گرنگەکان لە پێکهێنانی ڕای گشتی و دیاریکردنی بەها تایبەتی و گشتییەکان بۆ گەیشتن بەئامانجی مەبەستدار لەراکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناوچەیەك ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانم لەحکومەتی هەرێمی کوردستان، هەروەها راکێشانی بونیادی وەبەرهێنانم لەهەرێم هەڵبژارد، بەم شێوەیە روون دەبێتەوە کە پەیوەندییە گشتییەکان لێرە چ جۆرە سروشت و تایبەتمەندییەکی بنەڕەتیی بۆ ناسنامەی وەبەرهێنان و چ بونیادێکی ئابووری گەشەپێدانی سەرکەوتووە لەهەرێمی کوردستاندا هەیە، و لەنێوەندی ئەو ئاماژەدانە شێوازە داینامیکانەی پەیوەندی نێوان پێکهاتە ئابووری پێکهاتەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ناوچەیی و هەرێمی و حکومەت و وەبەرهێنەری دەرەکی وەکو یەک وان، کە گوزارشتێکەو ئاماژە بەڕۆڵی نموونەیی دەدات هاوشێوەی پەیوەندییە گشتییە سەرکەوتووەکانی وڵاتانی دراوسێ و ناوچەکەن.

ئەم توێژینەوەیە کە سەبارەت بە پەیوەندییە گشتییەکانە بەناونیشانی(ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەڕاکێشانی وەبەرهێناندا) توێژینەوەیەکی وەسفییە جێگەی گرنگییە شیکردنەوەی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆکان لە ڕاکێشانی وەبەرهێنان و دابینکردنی ئەوەی کە بازاڕ دەیەوێ بۆ جەماوەری تایبەتی و گشتی بەپێی دیدگای حکومەت بکرێت، کە لێرەدا حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەرجەستە دەکات کە توانای ئیدارەدانی پەیوەندییە گشتییەکانی بدات لە هەموو دەزگا فەرمییەکانی حکومەت وەکو دەزگاکانی دارایی و ئابووری و بازرگەری و پیشەسازی و بەرهەمهێنەوە، بۆ ئەوەی وەبەرهێنەر بتوانێت درك بەوە بکات کە ئارامییەك هەیە، بۆیە دەکرێت وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی تایبەت برەوی پێ بدرێت کە ئەوە تەنیا بەشێکە لە بەرهەمی پەیوەندی گشتی چالاك لە هەرێمی کوردستان.

## بەشی یەکەم: میتۆدۆلۆژیای توێژینەوەکە

### یەکەم: ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە:-

### 1 -کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوە بریتییە لە دەرخستنی(ڕۆڵی پەیوەندییەگشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاکێشانی وەربەهێناندا) توێژەر وای دەبینێ کە بارودۆخی هەرێمی کوردستان تەواو جیاوازە لەگەڵ بارودۆخی عێراق لەڕووی بوونی ئاسایش و سەلامەتی و هەروەها بوونی ئەو یاسایانەی کە لەهەرێمدا هەن بۆ وەبەرهێنان دانراوەو چەندین ساڵە کار بەوە دەکرێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنەری بیانی، هەرێمی کوردستاندا نیەتی قبوولکردن و پێکەوەژیان هەیە لەگەڵ وەبەرهێنەری بیانی لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە، ئەوە جگە لەئاستەنگەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ هەرێم بەدەست ئەو وێنە لاوازەی کەژینگەی واقیعی ناوچەکە.

### 2 - گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە گرنگە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ئەو ڕۆڵەدا گونجاوەی هاتۆتە پێشەوە کە هەرێمی کوردستان بەخۆیەوە دەیبینێت بە حکومەت و دامەزراوەکانی پەیوەندییە گشتییەکان و گرنگیدانیان لە دروستکردنی جەماوەرو ڕای گشتی و لە بوارە جیاجیاکاندا بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان لە هەرێمی کوردستاندا، چونکە بواری پەیوەندییە گشتییەکان لەحکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانیدا بەخێراییەکی زیاترو بەرەو ئاستێکی بەرزتر هەڵدەکشێت لەپەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیداو بەرێگەی کلاسیکی(تەقلیدی) و ئەلیکترۆنی و پەیوەندیکردن لەگەڵ لایەنی وەبەرهێنەران و سەرمایەی وەبەرهێنانی نێودەوڵەتی بچووک و گەورە دەجولێنتەوە. بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەبەشداریکردنە لەپێشخستنی توێژینەوەی پەیوەندییە گشتییەکان لەهەرێمی کوردستان، بەشیکردنەوەی کاریگەریی یەکێک لەدەزگاکانی، کە ئەویش پەیوەندیی گشتییە لەحکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانیدا، هەروەها پەیوەندیی هەندێک لەحزبەکانی لەلایەن حکومەت پێکهێنراوە لەڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ هەرێم.

### 3 - ئامانجەکانی توێژینەوە:

1 - روونکردنەوەی ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراوەو وەزارەتەکانی لە پێکهێنانی جەماوەری داهاتوو بۆ وەبەرهێنان لەناو هەرێمەکەدا

2 - دیاریکردنی میکانیزمی کارکردنی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بۆ ناو هەرێمەکەدا.

3 - زانینی جۆری ستراتیژییە پێشکەوتووەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

4 - زانینی خەسڵەتی وەبەرهێنانی داهاتوو بۆ ناو هەرێم بە کردەی پێکهێنانی ڕای گشتی بۆ ئەو وەبەرهێنانە، ئەوەش بەپێ چالاکی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەبێت.

### 4 - پرسیارەکانی توێژینەوە:

1 - ڕۆڵی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە لە ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمەکە؟

2 - ئاستی کاریگەریی کاری پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانیدا چۆنە لەهاندانی وەبەرهێنان لەهەرێمدا؟

مجلة پۆليتكنيك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 4 ، العدد 1 (2023)
أُستلم البحث في 20 يناير 2022؛ قُبل في 15 مارس 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 12 أبريل 2023
البريد الإلكتروني للمؤلف: sangarkanabe21@gmail.com
حقوق الطبع والنشر © 2023 سەنگەر، د. هوشيار. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

3 - پەیوەندیە گشتیەکانی حکومەتی هەرێم ئاسانکاریانەی پێشکەشی دەکات بۆراکێشانی وەبەرهێنان؟

4 - هەماهەنگیکردن لە نێوان پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتەکان بە مەبەستی هاوکاریکردن و راکێشانیان بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمدا چۆنە؟

**دووەم: میتۆدی توێژینەوە:**

ئەم تـوێژینەوەیە، تـوێژینەوەیەکی وەسـفی، رووپێـوویە. میتـۆدێکی گونجـاوە بـۆ سروشـتی ئەم تـوێژینەوەیە، تاوەکو لەچوارچێـوەیەکی زانسـتیدا بگونجێت و لەگەڵ هێنانەدی ئامانج و بەدەستهێنانی زانیاریە وردەکانیدا بگونجێت.

**سێیەم: کەرەستەکانی توێژینەوە:**

گرنگترین ئەو کەرەستەی لەم توێژینەوەیەدا بەکارهاتووە بریتیە لە فۆرمی راپرسی.

**چوارەم: کۆمەڵگەی توێژینەوەو سامپڵی توێژینەوەکە:**

کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە فەرمانگەی پەیوەندیە گشـتییەکانی حکومـەتی هەرێمی کوردسـتان و نووسـینگەکانی پەیوەندییـە گشـتییەکان لە وەزارەتـەکانی هـەرێم، ئەو وەزارەتانەی بەشی پەیوەندییەکان لەخۆدەگرن. واتە کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوە بریتە لە فەرمانگەی پەیوەندیەگشـتییەکانی (10) وەزارەت لە کـۆی(19) وەزارەتی کابینـەی نۆیەم و فەرمانگای پەیوەندییەکانی دەروەوی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، تـوێژەر بۆیە ئەو وەزارەت و فەرمانگای وەرگرتووە چونکە تەنها ئەو(10) وەزارەت و(1) یەك فەرمانگای بەشی پەیوەندییەکان لەپەیکەری وەزارەت و فەرمانگایان هەیە.

نموونەی ئەم توێژینەوە بەشێکی هەڵبژاردراوی کۆمـەڵگای توێژینەوەیـە گوزارشـت لە وێناکردنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگای توێژینەوە دەکات. دوای بەدەستهێنانی زانیاری تایبـەت گشـت کارمەنـدانی بـەشی پەیوەندییـەکانی وەرگرتـووە کـە ژمـارەیان(96) کارمەندبوو بە هەردوو رەگەز.

**پێنجەم: دیاریکردنی چەمکەکانی توێژینەوەکە:**

1.رۆڵ (Role) : لە بنەرەتدا ئەم چەمکە لە شانۆ وەرگیراوە و چەمکێکی ئینگلیزییە. رۆڵ بریتییە"لە کۆمەڵە ئەرك و گرنگییەك، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانج و پشتیوانی کردنی بۆ چوون وئاراستەیەکی دیاریکراو، بەشداری لە برەودان بە بابەتێك یاخود بوارێکی دیاریکراودا دەکات". (حامد، 2012، 49).

رۆڵ ئەو فەرمان یان ئەو کارەیە، کەهۆکارێک لەهۆکارەکانی راگەیاندن بۆ جەماوەر، لەبوارێکی دیاریکراودا، ئەنجامیت دەدەن، وەک:- فێرکردن، رێنمایی، هەواڵ ئاراستە کاری...هتد. (عبدول 2004، 566)

2.پەیوەندیە گشتییەکان(Public Relations): بریتییە لە فەرمانێکی کارگێری، کە هاوکاری مانەوەی پەیوەندی و ئاڵوگۆرکردنی تێگەگەیشتن لە نێوان دامەزراوە و خەڵکدا دەکات. هەروەها دیراسەی کێشەکانی کارگێری دەکات و پشکداریش لە دۆزینەوەی چارەسەرییەکانیدا دەکات، لەم کاتەشدا کارگێری زانیاری لەبارەی رای گشتییەوە دەبێت و پێشبینییەکان بۆ ئاراستەکارییەکانی داهاتوو روون دەبێتەوە، لەمەشدا بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەکە لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتیدا لەبەرچاو دەگیرێت. هەموو توێژینەوە و پەیوەندییەکانیش بە پێوەرە ئەخلاقییەکاندا دەڕوات (خليفة 2019، 27).

3.وەبەرهێنان(Investors) بریتیە لە دەستمایەیەکی بەکارهاتوو لە بەرهەمهێنان یاخود دەستەبەرکردنی کاڵایەك، و دەکرێت وەبەرهێنانەکە جێگیربێت وەك پشکە نایاب و سەندەکان، یاخود وەبەرهێنانێکی گۆڕاو وەك خاوەندارێتی کەلوپەلەکان، و وەبەرهێنان بەوە پێناسە دەکرێت کە برێك وەسڵن کۆمپانیاو تاکەکان دەیکڕن بۆ بەدەستهێنانی داهاتێك بۆ کاتی ئێستا، یاخود لەداهاتوو. و لە پێناسەیەکی دیکەی وەبەرهێنان بریتیە لە بڕێك پارەو وەبەرهێنانی پێوە دەکرێت بە هەر شتێك؛ بەتایبەتی لەکارە بازرگانییەکاندا کە کڕینی ئامێرو پشکی نوێ لەخۆ دەگرێت.

## بەشی دووەم

## تەوەری یەکەم: ریکلامی ئەلیکترۆنی

### یەکەم: پێناسەی پەیوەندیە گشتییەکان:

پێناسەی پەیوەندییـە گشـتییەکان هەمەچەشـن و هەمـەجۆرن، بـەپێی ئامانجـەکان جیـاوازی هەیـە لەنێوانیـان ئەوانـەی هەڵدەسـتن بەپێناسـەکردنی و جـۆری ئـامرازو کەرەستەو و شێوازی بەکارهاتوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکە، ئەگەر بێت و بونیـادی زارەکی بەپێکهاتەی وشەی "پەیوەندییـەکان" وەربگیرێـت، واتای کـۆی رایەڵبەنـدەکانی پەیوەندییـەکان دەگرێتـەوە کـە لەنێـوان دەسـتەیەك یاخـود دامەزراوەیـەك و لەگـەڵ جەماوەردا دێتە کایەوە. هەروەها وشەی "گشتی" مەبەست لێی جەماوەرییەکەیە واتا کۆمـەڵێکی زۆر لەجـەماوەری جیـاواز کـە بەرژەوەنـدی و چالاکییـەکانیان لـکاوە بـەو دەسـتەو دامەزراوەیە. (المحمد 2010، 22)

ئەو توێژینەوانەی کە لەسەر پەیوەندییە گشتییەکان لەوڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکاو چەندین وڵاتی دیکەی جیهان ئەنجام دران جەخت لەسەر ئەوە دەکرێتـەوە هـیچ کـۆك بوونێك نییـە لەسـەر مـانای دەسـتەواژەی پەیوەندییـە گشـتییەکان). (البـادي 1991، 41).

هەر بۆیە چەمکی پەیوەندییـە گشـتییەکان لەنیـوەی ئـەم سـەدەیەدا بەشـێوەیەکی بەرفراوان بەرەو پێشەوەچوو، ئەوەی لەبەر ئـەوەی پێشکەوتنی بـەرچاوی کۆمەڵگـە، وای لێهاتووە پشت بـە پەیوەندییـە گشـتییەکان ببەسـترێت لە تێگەیشـتنی پاڵنـەرەکانی تاك و کۆمەڵەکان و ئەو پەیوەندییـە ئـاڵوویرەی نێوان ئـەو دەزگایانـەی کـە بایـەخێکی بـەرزیان هەیـە؛ لەبـەر ئـەو رۆڵـە دیارەی کـە دەیگێـرن، پەیوەندییـە گشـتییەکان بەرەوپێشـچوو لەبـەر ئـەوەی بەرەوپێشـچوونی فێربـوون و گەشـەی هۆشـیاری رۆشنبیری تاك دروست دەکات. بۆ بەرەوپێشـچوونی توێژینـەوەی زانسـتی لەبـواری پەیوەندیە گشـتییەکان، رێکخراوە پیشـەییە تایبەتـەکان لەو بـوارەدا زۆربوونە. (هـاشم 1996، 49)

بەڵام سیدل(T.C. Seidel) وا پێناسەی پەیوەندیە گشتییەکان دەکات کە بریتیە لە پرۆسـەیەکی بـەردەوامی ئاراسـتەکردنی هـەر دامەزراوەیـەك یا رێکخراوێـك بـۆ

بەدەستهێنانی متمانەی بەکارهێنەران و کارمەندان و جەماوەرەکەی بەگشتی و ئەمەش بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا لێکتێگەیشتنیان هەبێ. (Dardha ,2004, 33)

پێناسەی پەیمانگای بەریتانی پەیوەندییە گشتییەکان: بریتییە لەهەوڵ و تەقەلایەکی کارگێری پلان بۆ دارێژراو و بەردەوام کە بەئامانجی پتەوکردنی لێکتێگەیشتنی ئاڵوویر لەنێوان کۆمپانیاو جەماوەرەکەیدا. لەو پێناسەیەوە بۆمان دەردەکەوێت پەیوەندییە گشتییەکان بریتییە لەهەوڵ و تەقەلایەکی دارێژراو بۆ ڕاکێشانی متانەی جەماوەرو گەیشتن بەدەستهێنانی لێکتێگەیشتنی نێوان ڕێکخراوو جەماوەر. (Alan 2009, 34)

هەرچی پێناسەی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ پەیوەندییە گشتییەکان دەڵێت: چالاکی هەر پیشەسازییەك یاخود دەستەیەك یان حکومەتێك لەدروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکی نوێ لەنێوان خۆی و جەماوەرەکەی وەکو بریکارو فەرمانبەرو بەشداربوو جەماوەری گشتی. لێرەدا دەردەکەوێت کۆمەڵەی ئەمریکی پەیوەندییە گشتییەکان کەمتەرخەم نەبووە لە پەیوەندییەکانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ جەماوەری دەرەکی وەکو بریکارو جەماوەری گشتی، بەڵکو پەیوەندییەکانی لەگەڵ جەماوەری ناوخۆش دەگرێتەوە.(Hon ،1999 ،13)

## دووەم:ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:-

بەردەوامبوونی پەیوەندی لە نێوان دامەزراوەکان و خەڵکەکانیان کاری سەرەکی پەیوەندییە گشتییەکانە کە هەمیشە هەوڵی بەدیهێنانی دەدات. بۆیە مانەوەی هەموو دامەزراوەیەك و سەرکەوتنی لە مەیدانی کارکردن بە شێوەیەکی سروشتی لەسەر بەردەوامی پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکدا دەوەستێت (محمود 2017، 65).

هەرچەندە دامەزراوە و ڕێکخراوەکان لە چالاکی و شێوەی کارکردنەکانیان جیاواز بن، بڕینی ئەو ئاستەنگانەیە کە لە کاتی چارەسەرکردنی کێشە و هەڵەکاندا دێتە ڕێگەیان. لەگەڵ ئەوەشدا جێبەجێکردنی ئەو ئامانجانە پەیوەندییان بە توانا ماددی و مرۆییەکانی بەڵام لەسەر ئامانجە گشتییەکانیان بۆ پەیوەندی گشتی کار لە یەك بواردا دەکەن، کە هەندێك دوو ئامانجی سەرەکییان بۆ ئامانجەکانی پەیوەندییە گشتییەکان دیاری کردووە: یەکەمیان تێپەڕاندن و خۆدەربازکردن لەدەست لێکتێنەگەیشتن و بەهەڵە تێگەیشتن. دووەمیشیان دامەزراوەکانەوە هەیە (یونس و عجوة 2005، 77).

لێرەدا بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین ئامانجەکانی هەر دامەزراوەیەك بۆ پەیوەندییە گشتییەکان لە چەند خاڵێکدا کۆبکەینەوە، ئەوانیش: (هشام 2011، 43)

- پێشکەشکردن و دروستکردنی وێنەیەکی پۆزەتیڤ لەبارەی دامەزراوەکەوە بۆ خەڵکەوە.
- ئاگاداری خەڵك لە ئامانجەکانی دامەزراوەکە و چالاکییەکان و ڕوونکردنەوەی سیاسەتەکەی.
- ڕوونکردنەوەی بۆچوون و ئاراستەکانی خەڵك سەبارەت بە دامەزراوەکە و پێشکەشکردنی کۆمەڵێك ئامۆژگاری بۆ کارگێری دامەزراوەکە، لەبارەی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بۆچوون و ئاراستانە .
- بە دەستهێنانی پاڵپشتی جەماوەری ناوخۆیی(ئەوانەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لەناو دامەزراوەکە و سیستەمەکەیدا کار دەکەن) و متانەی جەماوەری دەرەوە(ئەوانەی لە دەرەوەی کارکردنی دەمەزراوەکەدان) (سعيد 2005، 88)

## سێیەم: ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان:

چەندان هەوڵ بۆ دیاریکردنی ئەرکەکانی دەزگای پەیوەندییە گشتییەکان دراوە، کە هەندێك سەرچاوە لەم چەند خاڵەدا کۆیان کردووەتەوە: (عەلی 2011، 28)

- توێژینەوە: ئەنجامدانی توێژینەوەی تایبەت سەبارەت بە ئاراستەی بۆچوونەکانی ڕای گشتی لەسەر ڕێکخراوەکەدا.
- پلاندانان: وێناکردنی سیاسەتی ڕێکخراوەکە، بە تایبەتیش ئامانجەکان و گشتاندنی بەرنامەی بانگەشەکردن و ڕاگەیاندن.
- هەماهەنگیکردن: پەیوەندیکردن بە بەرپرسانی ناوخۆیی و پەیوەندیکردن بە ڕێکخراوەکان و جەماوەری دەرەوە و زیادکردنی زانیارییەکانیان لەبارەی ڕێکخراوەکەوە.
- کارگێری: دیاریکردنی شێوازێکی گونجاو بۆ کارگێری، تاوەکو خزمەتگوزاری پێویست بە جەماوەر بگەیەنرێت.
- بەرهەم: بەرهەمهێنانی فیلمی سینەمایی ئاراستەکراو بۆ جەماوەر لەبارەی جۆری بەرهەمەکانی ڕێکخراوەکە، بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و زیادکردنی زانیارییەکانیان.

چەند توێژەرەوەیەکیش لەبارەی ئەرکەکانی پەیوەندییە گشتییەکان چەند دابەشکارییەکیان کردووە، لەوانیش(فیرن بیرن v. Burnett) بۆ دوو بەش پۆلێنی کردووە: (ایمان، 2017، 55)

یەکەمیان: شیکردنەوەی سیاسەتی دامەزراوەکە و کارەکانی لەلایەن جەماوەر.

دووەمیان: شیکردنەوەی کارەکانی ئێستا و داهاتووی خەڵك و بۆچوونەکانیان سەبارەت بە دامەزراوەکە.

## چوارەم: گرینگی پەیوەندییەگشتییەکان

لەگەڵ پەرەسەندنی تەکنەلۆژیا و زۆربوونی داواکاری و پێداویستی تاکەکان لەکۆمەڵگەی نوێدا، وایکرد کە دامەزراوە و کۆمپانیاکان لەهەوڵی زیاتر دابن بۆ بەدەست هێنانی پشتگیری ڕاگشتی بوونی پەیوەندی بەردەوام لەگەڵیان، لێرەدا گرینگی پەیوەندییەگشتییەکان دەرکەوت کە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەدروستکردنی پەیوەندی ئاڵوگۆر لەگەڵ جەماوەر بۆ گەیشتن بەئامانج و بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەکە.(حسين، 2003، 73)

زۆربەی دەستە و دامەزراوەکان کارەکانی پەیوەندییەگشتییەکان پەیڕەو دەکەن، جا ئەگەر ئەو دامەزراوەیە بەشێکی تایبەت بە پەیوەندییەگشتییەکانی هەبێت یان نا، بەرنامەیەك بۆ پەیوەندییەگشتییەکان ئامادەکرابێت یان نەکرابێت، تەنانەت لەژیانی تایبەتیاندا تاك بەردەوام کار بۆ باشکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ کەسانی دیکە دەکات. (ايمان، 2017، 25)

گرینگی پەیوەندییەگشتییەکان بۆ دامەرزاوەکان لەوەدا دەردەکەوێت کە بەشدارە لەدیاریکردنی ئامانجی دامەزراوەکە لەبواری ماددی و مرۆیدا، رێکخستنی ئامانجی ماوە درێژ و ماوەکورت و دیاریکردنی کاتەکانیان هەروەها دانانی پلانی سالانە و مانگانە و دواتر لە جێبەجێکردنیان بەشدار دەبێت.لەگەڵ ئەوەش یارمەتیدەرە لەهاوتاکردنی ئامانج و بەرژەوەندی دامەزراوەکە لەگەڵ ئامانج وبەرژەوەندی کۆمەڵگە بەجۆرێک بەدەست هێنانی ئامانجی دامەزراوەکە بەرژەوەندی جەماوەر بێت و خزمەت بە راگشتی بکات. (Hon، 1999، 8)

گرینگی پەیوەندییەگشتییەکان بۆ زۆرێك لەدامەزراوە و کۆمپانیاکان بەتایبەت کۆمپانیا پیشەسازییەکان لەوەدا دەردەکەوێت، کە کالایەکی زۆر بەرهەم دەهێنن و دەیانەوێت بیگەیەنن بەدەستی کڕیارو بریکارەکان، لێرەدا کارگێری پەیوەندییەگشتییەکان هەڵدەستێ بە دروستکردنی لینکی پەیوەندی لەگەڵ کڕیار و ساغکردنەوەی کالاکان لەبازاڕدا.لێرەدا ئەگەر کارگێری پەیوەندییەگشتییەکان لەئاستێکی شارەزایی و ژیری باشدا نەبێت و رەنگە کۆمپانیا توشی گرفت و کێشە ببێت رووبەرووی هەڵوێستگەلی خراپ ببێتەوە، سەرباری ئەمەش رایەکی دژ لەسەر کالاکان دروست ببێت رێگە بۆ رکابەرەکان خۆش بکا کەپروپاگەندە و ژاوەژاو دروست بکەن.لێرەداگرنگی پەیوەندییەگشتییەکان دەردەکەوێت. (عەلی 2011، 27)

## تەوەری دووەم: وەبەرهێنان

### یەکەم: پێناسەی وەبەرهێنان:

چەندین پێناسەو چەمکی جیاجیا گوتراوە سەبارەت بە وەبەرهێنان کەوەکو دیاردەیەکی ئابووری وێنا دەکرێت، و لەبنەڕەتدا چەمکی وەبەرهێنان پشت دەبەستێت بە بنەچەی زانستی ئابووری و پەیوەستە بە کۆمەڵێ چەمکی ئابووری و گرنگترینیان: داهات، بەکاربردن، پاشەکەوتکردن، قەرزدان.

وەبەرهێنان وەکو زمان بە بەروبووم دێت، واتە زیاترو گەشەکردنی بەروبووم، وەبەرهێن بەمانای زیاترکردنی گەشەو نما، وەبەرهێنان، بەکارهێنانی پارەو داهات لەبەرهەمهێنان، یان بە راستەوخۆ بەمانای کڕینی ئامێرو کەرەستەکان(بەرایی) یان بە شێوازێکی ناڕاستەوخۆ وەکو کڕینی پشك و بۆندەکان. (مصطفى 1999، 155)

گەشەسەندن بە شێوەیەکی ئاسایی لە پارەدایە، چ لە کۆتا شێوەی دراوی، دارایی یان بازرگانیدا، یان لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی تردا چ لە شێوەی خانووبەرە و چ لەشێوەی گواستراوە، جگە لە وێنە مۆراڵیەکەی کە بەم دواییانە دەرکەوتووەو نوێنەرایەتی مافی مولکداری رۆشنبیری و ئەدەبی و داهێنان و مافی چاپ دەکات. (عبدالغفار 2002، 13)

وەبەرهێنان: بریتییە لە دەستبەردارکردنی برێك پارە لەلایەن تاکێکەوە لە ساتێکی دیاریکراودا بۆ ساتێکی دیاریکراو کە لەوانەیە درێژ بێ یاخود سنوردار بێت و پەیوەست بێت بە سەرمایەیەک یان زیاتر کە بۆ ئەو ماوەیە هەڵگیراوە لەگەڵ تێڕوانینێک بۆ بەدەستهێنانی لێشاوی دارایی زیاترلە داهاتوو. (رمضان 2016، 13)

وەبەرهێنان: بریتییە لە بەگەڕخستنی پارە بە مەبەستی بەدەستهێنانی گەڕانەوە، داهات، قازانج و پارە بەگشتی دەکرێ وەبەرهێنان بێ جا چ بەشێوەی پارە بێ وەکو باڵەخانە، کالا، کەلوپەل،..هتد، یاخود بەشێوەی پارە نەبێت، وەکو پشکەکان بە هەموو جۆرەکانیەوە.. هتد. (جردان 1997، 18)

بە پێی ڤیزا نۆڤا(vizza nova) وا چەمکی وەبەرهێنانی دیاریکردووە کە بە دەستکەوتنی خاوەندارێتییەتێکە بە مەبەست بەدەستهێنانی بەردەوامی سەرکەوتووی(خزمەتگوزاری و پارە). (وجدى و عربي 2002، 78)

لەم پێناسەیانە دەتوانین پێناسەیەکی فراوانتر و گشتگیر بۆ وەبەرهێنان هەڵێنجێنی(وەبەرهێنان بریتییە لە تەرخانکردنی برێک لە پارە بە مەبەستی بەدەستهێنانی ئامرازی نوێی بەرهەمهێنان یان نوێکردنەوە و بەرەوپێشچوونی ئەو ئامرازانەی لەبەردەستدان بۆ ئەوەی توانای بەرهەمهێنان بەرزبکرێتەوە.)

### دووەم: بوارەکانی وەبەرهێنان:

مەبەست لە بواری وەبەرهێنان، جۆر یاخود سروشتی چالاکییە ئابوورییەکانە کە وەبەرهێنەر پارەو سامانێکی زۆر دەخاتە گەڕ بە مەبەستی بەدەستهێنانی پارەیەکی زیار لەداهاتوودا، بوارەکانی وەبەرهێنان لەهەر گۆشەیەکەوە تەماشا بکرێت جیاوازە، و ئەوەی زیاتر تیشکی دەخرێتە سەر سێ پۆلێن کەبریتیە لە:

1. **پۆلێنی جوگرافی بوارەکانی وەبەرهێنان: (رمضان 2016، 37)**

وەبەرهێنانەکان لەسەر بنەمای ئەم پێوەرە بەستراون بۆ وەبەرهێنانی ناوخۆیی و لاوەکی:

- **وەبەرهێنانی ناوەخۆیی:** هەموو دەرفەتەکانی بەردەست دەگرێتەوە بۆ وەبەرهێنان لە بازاڕی ناوخۆدا بەبێ گوێدانە ئامرازی وەبەرهێنان کە بەکاردێت وەک خانووبەرە، سەندی پارە، زێڕ و پرۆژەکانی ئابووری.
- **وەبەرهێنانی لاوەکی:** ئەم جۆرەیان، بریتیە لەهەموو دەرفەتە بەردەستەکان بۆ وەبەرهێنان لە بازارە بیانییەکان، ئامرازەکانی وەبەرهێنان تیایدا هەرچی بێت، و وەبەرهێنانی بیانی لەلایەن تاکەکان و دامەزراوە داراییەکان ئەنجام دەدرێن یان راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

2. **پۆلێنی جۆری بوارەکانی وەبەرهێنان: (مطر 2008، 76)**

وەبەرهێنانەکان لەسەر بنەمای ئەم پێوەرە دارایی و راستەقینە پۆلێن دەکرێن:

- **وەبەرهێنانی راستەقینە:** هەموو ئەو وەبەرهێنانانە لەخۆ دەگرێت کە سەرمایەیەکی راستەقینە دابین دەکەن وەک خانووبەرە، کالاکان، زێڕ...... تد.
- **وەبەرهێنانی دارایی:** مەبەست لێی کڕینی پشکێک لەسەرمایە(پشک) یان پشکێک لە قەرزێک(بۆند وسەند، بروانامە لە پارەدان، خەزێنەی رێگەپێدراو) کە خاوەنەکەی مافی بەدەستهێنانی قازانج و مافەکانی تری نێو یاساکە بەدەست دەهێنێت.

3. **پۆلێن بە پێی ماوەی وەبەرهێنان:**

ئەم بوارە وەبەرهێنان پۆلێن دەکرێن بەپێی بوار کە بریتیە لە: (عبدالغفار 2002، 33)

- **وەبەرهێنـــانی کورتخایـــەن:** بـــریتین لەو وەبەرهێنـــانانەن کە تەواو دەبـــن و قازانجەکانیان بەدەست دەهێرێن لە ماوەیەکی کورتدا، کەبە یەک بۆ دوو ساڵ دەبێت، ئەم جۆرە وەبەرهێنانە چەندین فۆرم و جۆری جیاوازی هەیە، و زۆرترین و بەربڵاوترینە لە وەبەرهێنانی داراییدا، لەم جۆرەیان پاشەکەوتکردنی کاتی تێدایە بۆ ماوەی کەمتر لە دوو ساڵ، واتە ئاسانکارییە دڵنیایی بوونی کورتخایەن.
- **وەبەرهێنانی مامناوەند:** ئەم جۆرە تیایدا وەبەرهێنان ئەنجام دەدرێت کە بەلایەنی کەمەوە لە ماوەی کەمتر لەدوو ساڵ و زیاتر لە حەوت ساڵ نییە، و ئەم وەبەرهێنانانە چەندین فۆرم و شێوازیان هەیە کە تێیدا و دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە بەربڵاوترینە، وەک: دامەزراوەکانی گواستنەوە، وەبەرهێنان لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. هتد.
- **وەبەرهێنانی درێژخایەن:** ئەم جۆرە تیایدا وەبەرهێنان ئەنجام دەدرێت کە بەلایەنی کەمەوە لە ماوەی کەمتر لەدوو ساڵ و زیاتر لە حەوت ساڵ نییە، و ئەم وەبەرهێنانانە چەندین فۆرم و شێوازیان هەیە کە تێیدا و دەردەکەوێت کە ئەم جۆرە بەربڵاوترینە، وەک دامەزراوەکانی گواستنەوە، وەبەرهێنان لە کاڵا و خزمەتگوزارییەکان. هتد.

بۆمان دەردەکەوێت ئەم جۆرە لە وەبەرهێنان بەگشتی لە ماوەی زیاتر لە حەوت ساڵ ئەنجام دەدرێت و ئەو کاڵا بە بەهایانەو پرۆژە ئابوورییانەی لەخۆ دەگرێت کە بە مەبەستی کارپێکردن و سوود وەرگرتن لێیان بۆ ماوەیەکی زۆر دروست دەبێت وەک پرۆژەی خانووبەرە کە بە مەبەستی فرۆشتن دانەمەزراون: خانووبەرە بۆ مەبەستی بەکرێدان، هۆتێلەکان، باڵەخانەکانی سەر بە هەمان دەزگا، بۆ نموونە: باڵەخانەی بەڕێوەبردن و کارگێڕی، خانووی عەمبارکردن... هتد

## سێیەم: گرنگی وەبەرهێنان:

گرنگی وەبەرهێنان پێشکەوتنی وڵاتان ئەمڕۆ لەسەر بنەمای قەبارەی وەبەرهێنان یان سەرمایەکانیان دەپێورێت کە بەیەکێک لەگرنگترین فاکتەرە داراییەکان دادەنرێت بۆ بەرزکردنەوەی داهاتی نیشتمانی و ستانداردی ژیان، بۆیە وەبەرهێنانەکان گرنگی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ستراتیژیان هەیە، ئەم گرنگییە لەو ڕۆڵە گرنگەی کە لە پرۆسەی گەشەی ئابووریدا دەیگێڕێت زۆر گۆڕاوە و لە دیاریکردنی تواناى بەرهەمهێناندا بەشدارە و دەبێتە هۆی زیادبوونی و گرنگیی خۆی وەک پێکهاتەیەکی خواستێکی کۆیی زیاد دەکات. (بوزار 2003، 76)

## چوارەم: ئامانجی وەبەرهێنان:

ئامانجی وەبەرهێنان لەم خاڵانەی خوارەوەن: (جردان 1997، 36)

- بەدەست هێنانی گەڕانەوە: هەموو وەبەرهێنانێکە و هەر جۆرێک بێت کە زەحمەتە کەسێک بدۆزرێتەوە کە بەبێ قازانج پارەکەی بخاتە نێو وەبەرهێنانەوە.
- دروستکردن و پەرەپێدانی سامان: ئامانجی هەر تاک کاتێک سەرمایەی خۆی تەرخان دەکات و دەیکاتە قوربانی بە هیوای دروستکردن و گەشەپێدانی سامانییەتی لە داهاتوو.
- دڵنیابوون لە کارێکی چاوەڕوانکراو و دابینکردنی پارەی بەخشش بۆ چارەسەرکردنی ئەو پێویستییە: تاکەکان لەهەوڵی ئەوەدان کە داهاتێك بۆ داهاتوویان بەدەست بهێنن.
- پاراستنی بەهای بەردەستەکان: وەبەرهێن بەدوای هەمەجۆرکردنی بوارەکانی وەبەرهێنانیدایە بۆ ئەوەی بەهای سەرمایەکانی نزم نەبێتەوە، و بە درێژایی کات کەم نەبێتەوە بەهۆی فاکتەری نرخە بەرزەکان و هەڵبەزو دابەزیان.

## بەشی سێیەم: لایەنی مەیدانی

### شیکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی و خستنەڕووی زانیارییەکانی توێژینەوە

**خشتە(1) ڕەگەزی نموونەی توێژینەوە دیاری دەکەن**

| ڕەگەز | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| نێر | 45 | 46.9% |
| مێ | 51 | 53.1% |
| کۆی گشتی | 96 | 100.0% |

لە خشتەی(1) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە لە ڕەگەزی مێن، بە ڕێژەی(53.1%) لە پلەی یەکەمدایە. ڕەگەزی نێر بە ڕێژەی(46.9%) لە پلەی دووەمدایە.

**خشتە (2) تەمەنی نموونەی توێژینەوە دیاری دەکەن**

| تەمەن | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| 18-23 | 6 | 6.3% |
| 24-29 | 26 | 27.1% |
| 30-35 | 27 | 28.1% |
| >=36 | 37 | 38.5% |
| کۆی گشتی | 96 | 100.0% |

لە خشتەی(2) ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە زۆربەی نموونەی توێژینەوەکە لە تەمەنی 36ساڵ بەسەرەوەن کە(37) جار دووبارە بۆتەوە بە ڕێژەی(38.5%) و لە پلەی یەکەمدایە. و بە پلە دووەمدا ئەوانەن کە تەمەنیان لەنێوان(30-35)دایە بە(27) جار بە دووبارەبوونەوەیان و ڕێژەیان دەگاتە(28.1%). و بە پلە سێیەمیش تەمەنەکانی نێوان(24-29) کە(26) جار دووبارە بۆتەوە بەڕێژەی(27.1%).

ئەوە دەرکەوتوە زیاتر ئەو بەرژێرانەی کە بەشداربوونە لە پڕکردنەوەی فۆرمی ڕاپرسی بابەتی توێژەر، کەسانی خاوەن ئەزموون و شارەزان و زانیارییان لەو بواری پەیوەندیە گشتییەکاندا هەیە، ئەوەش مایەی دڵخۆشییە، چونکە توێژەر سامپڵەکەی کەسانێکن خاوەن بۆچوونی تایبەتن لەو بوارەو پسپۆڕییان لێی هەیە.

**خشتە(3) ئاستی خوێندن نموونەی توێژینەوە دیاری دەکەن**

بەپێی خشتەی(3) کە تایبەت بوو بە ئاستی خوێندنی نموونەی توێژینەوە، بە پلە یەکەم نموونەی توێژینەوە خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس بوون کە(64) جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی سەدی گەیشتۆتە(66،7%). و بە پلەی دووەم نموونەی توێژینەوە خاوەن بڕوانامەی پەیمانگا بوون کە(17) جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی سەدی گەیشتۆتە(17،7%). و بە پلەی سێیەم نموونەی توێژینەوە خاوەن بڕوانامەی ماستەرو ئامادەیی بوون کە بۆ هەردوو چین(7) جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی سەدی گەیشتۆتە(3،7%). و تەنها یەك دکتۆر لەنێو بەرژێرەکاندا هەبوو کە ڕێژەی(1%). واتە دەرکەوتووە کە زیاتر نموونەی توێژینەوە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆس و بڕوانامەی دیکەی خوێندنن، کە ئەویش ئەوە دەردەکەوێێ کە هەموو نموونەی توێژینەوە خوێندەورن و ڕۆشنبیریان هەیە لەسەر خوێندنەوەی بارودۆخەکەو شارەزایی و زانیارییەکانیان ئەکادیمییە.

**خشتە(4) پسپۆڕی نموونەی توێژینەوە دیاری دەکەن**

| پسپۆڕی | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| میدیاکار | 13 | 13.5% |
| پەیوەندییە گشتییەکان | 7 | 7.3% |
| زانستی سیاسی | 7 | 7.3% |
| ئابووری | 6 | 6.3% |
| هیتر | 63 | 65.6% |
| کۆی گشتی | 96 | 100.0% |

بەپێی خشتە ی(4) کە تایبەت بوو بە پسپۆڕی نموونەی توێژینەوە، بە پلە یەکەم نموونەی توێژینەوە پسپۆڕییان هیتر بوون کە(63) جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی سەدی گەیشتۆتە(6،65%) و بە پلەی دووهەم میدیاکارن بە(13) جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی سەدی گەیشتۆتە(5،13%) و بە پلەی سێیەم نموونەی توێژینەوە هەردوو پەیوەندییە گشتییەکان و زانستی سیاسییان پڕ کردۆتەوە و(7) جار دووبارە بۆتەوەو ڕێژەی سەدی گەیشتۆتە(3،7%).

**خشتەی(5) دووبارە بوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون بۆ گۆڕوای سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان)**

| بڕگە | پرسیارەکان | لەگەڵ نیم بەتەواوی | | لەگەڵ نیم | | بێلایەنم | | لەگەڵم | | لەگەڵم بەتەواوی | | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | دووبارە | % | | | |
| پرسیارەکانی تایبەت بە پەیوەندییە گشتییەکان | X2.8 | 12 | 12.5% | 24 | 25.0% | 19 | 19.8% | 31 | 32.3% | 10 | 10.4% | 3.03 | 1.226 | 0.63% |
| | X2.9 | 8 | 8.3% | 36 | 37.5% | 9 | 9.4% | 33 | 34.4% | 10 | 10.4% | 3.01 | 1.218 | 0.21% |
| | X2.10 | 9 | 9.4% | 31 | 32.3% | 16 | 16.7% | 26 | 27.1% | 14 | 14.6% | 3.05 | 1.251 | 1.04% |
| | X2.11 | 6 | 6.3% | 31 | 32.3% | 22 | 22.9% | 26 | 27.1% | 11 | 11.5% | 3.05 | 1.146 | 1.04% |
| | X2.12 | 8 | 8.3% | 30 | 31.3% | 19 | 19.8% | 28 | 29.2% | 11 | 11.5% | 3.04 | 1.187 | 0.83% |
| | X2.13 | 9 | 9.4% | 24 | 25.0% | 18 | 18.8% | 28 | 29.2% | 17 | 17.7% | 3.21 | 1.264 | 4.17% |
| | X2.14 | 8 | 8.3% | 28 | 29.2% | 18 | 18.8% | 31 | 32.3% | 11 | 11.5% | 3.09 | 1.188 | 1.88% |
| | X2.15 | 9 | 9.4% | 27 | 28.1% | 15 | 15.6% | 33 | 34.4% | 12 | 12.5% | 3.13 | 1.225 | 2.50% |
| | X2.16 | 8 | 8.3% | 25 | 26.0% | 11 | 11.5% | 35 | 36.5% | 17 | 17.7% | 3.29 | 1.264 | 5.83% |
| | X2.17 | 10 | 10.4% | 26 | 27.1% | 16 | 16.7% | 34 | 35.4% | 10 | 10.4% | 3.08 | 1.211 | 1.67% |
| | X2.18 | 9 | 9.4% | 31 | 32.3% | 15 | 15.6% | 32 | 33.3% | 9 | 9.4% | 3.01 | 1.192 | 0.21% |
| | X2.19 | 6 | 6.3% | 23 | 24.0% | 25 | 26.0% | 35 | 36.5% | 7 | 7.3% | 3.15 | 1.066 | 2.92% |
| | X2.20 | 7 | 7.3% | 14 | 14.6% | 21 | 21.9% | 41 | 42.7% | 13 | 13.5% | 3.41 | 1.120 | 8.13% |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.12 | 1.20 | 2.39% |

خشتەی(5) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) و

| ئاستی خوێندن | دووبارە بوونەوە | % |
|---|---|---|
| ئامادەیی | 7 | 7.3% |
| پەیمانگە | 17 | 17.7% |
| بەکالۆریۆس | 64 | 66.7% |
| ماستەر | 7 | 7.3% |
| دکتۆراە | 1 | 1.0% |
| کۆی گشتی | 96 | 100.0% |

بەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە(3.12)(هاوڕام) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا نموونەی توێژینەوە(هاوڕان) لەگەڵ لایەنی پۆزەتیفی هەڵسەنگاندنی پەیوەندییە گشتییەکان و بەڕێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە(62.39%)(پەسەند) لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.20) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن و(وێک چوون) لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

لە پرسیاری(X2.8) کە بریتیەلە(فەرمانگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم بەکاری خۆیان هەڵساون لە هاندان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،03) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.226) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕوای سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(60.63%). وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە فەرمانگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم بەکاری خۆیان هەڵساون لە هاندان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ هەرێمی کوردستان.

لە پرسیاری(X2.9) کە بریتیەلە(کاری فەرمانگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانییەتی لەداڕشتنی پلانی ستراتیژی بەشدارە بۆ هاندان و خستەڕووی دەرفەتی وەبەرهێنان لە ئێستاو داهاتووی هەرێم) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.01) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.218) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕوای سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(60.21%). وەڵامی ئەم بڕگەیە ئەوەمان پێدەڵێت کە کاری فەرمانگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و وەزارەتەکانییەتی بەشدارە لەداڕشتنی پلانی ستراتیژی بۆ هاندان و خستەڕووی دەرفەتی وەبەرهێنان لە ئێستاو داهاتووی هەرێم.

لە پرسیاری(X2.10) کە بریتیەلە(پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی ئەرکی خۆیان لە دروستکردنی رای گشتی ناوەخۆو دەرەکی بە باشی بینیوە لە ڕاکێشانی وەبەرهێنان لە هەرێمدا) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.05) لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.251) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕوای سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(61.04%). ئەم ڕێژەییە دەرخەری ئەوەیە کە یە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی ئەرکی خۆیان لە دروستکردنی رای گشتی ناوەخۆو دەرەکی بە باشی بینیوە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.

لەپرسیاری(x2.11) کەبریتیە:(لەڕێگەی پەیوەندیکردنەوە هیچ رایەڵبەندێك لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان و جەماوەری

مەبەستدارەوە نیە) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.05) لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.146) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(61.04%). لێرەدا بۆمان روونەبێتەوە کە هیچ رایەڵبەندێك لەنێوان پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان و جەماوەری مەبەستدارەوە نیە.

لەپرسیاری(x2.12) کەبریتیە(بوونی نووسینگەکانی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی بۆتە هۆی سیستمێکی پەیوەندی کارلێککەر بۆ هاندان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان لەهەرێمدا) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.04) لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.187) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(60.83%). ئەم ژمارانەی ئەومان پێدەڵێت کە نووسینگەکانی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی بۆتە هۆی سیستمێکی پەیوەندی کارلێککەر بۆ هاندان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان لەهەرێمدا.

لەپرسیاری(x2.13) کەبریتیە:(پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی هەڵساون بە هەماهەنگیکردن لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتەکان بە مەبەستی هاوکاریکردن و ڕاکێشانیان بۆ وەبەرهێنان لە هەرێمدا؟) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،21) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1،264) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(64،17%). وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوە نیشان دەدات کە هەماهەنگییەك لەنێوان پەیوەندیە گشتییەکانی هەرێم و وەزارەتەکان لەگەڵ کۆمپانیا تایبەتییەکاندا هەیەو هاوکارن بە مەبەستی وەبەرهێنان لەکوردستاندا.

پرسیاری(x2.14) بریتیە(چالاکی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمە کە وەبەرهێنان بۆ هەرێم رادەکێشێت) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.09) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.188) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(61.88%). ئەم ئەنجامەی سەرەوە دەرخەری ئەوەیە کە چالاکی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەت وەبەرهێنان بۆ هەرێم رادەکێشێت.

پرسیاری(x2.15)(هیچ بەرەوپێشچوونێك لەکاری پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانیدا لەڕووی ڕاکێشانی وەبەرهێناندا هەیە) و ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.13) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.225) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(62.50%) ئەم ئەنجامە دەرخەری ئەوەیە کە بەرەوپێشچوونێك لەکاری پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانیدا لەڕووی ڕاکێشانی وەبەرهێناندا هەیە.

پرسیاری(x2.16) بریتیە:(بەپێی ئەو مەرج و ئاسانکارییانەی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم پێشکەشی دەکات، ئایا کەشی هەرێم لەبارو گونجاوە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان؟) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،29) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1،264) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(65،83%) ئەویش ڕێژەیەکی پەسندە و وا دەردەخات کە ئاسانکارییەکانە ئەو کەشە لەبارەی بۆ وەبەرهێنان خوڵقاندووە تاکو وەبەرهێنەری بیانی روو لە خاکی کوردستان بکات.

پرسیاری(x2.17) بریتیە:(پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی بوونە هۆی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لەهەرێمدا) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.08) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.211) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(61.67%)ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی هۆکارێکە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بیانی لەهەرێمدا.

پرسیاری(x2.18) بریتیە:(بەپێی ئەو سیستەمەی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانی، وەبەرهێنانی عێراقی و عەرەبی و هەرێمی و بیانی سەرکەوتوو بووەلەهەرێمی کوردستان) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.01) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.192) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(60.21%) لێرەدا سەرکەوتووی ڕۆڵی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانمان بۆ دەردەکەوێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنانی عێراقی و عەرەبی و هەرێمی و بیانی لەهەرێمی کوردستان.

پرسیاری(x2.19) بریتیە:(ڕۆڵی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم کە دەیگێڕێ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان جیاوازترە لەو ڕۆڵەی کە پەیوەندیە گشتییەکان لەناوەند دەیگێڕێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،29) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1،264) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(65،83%) ئەم داتایە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ڕۆڵی پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم کە دەیگێڕێ بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان جیاوازترە لەو ڕۆڵەی کە پەیوەندیە گشتییەکان لەناوەند دەیگێڕێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان.

پرسیاری(x2.20) بریتیە:(هیچ خاوییەك یاخود نەبوونی کاریگەری لەکاری پەیوەندیە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکانیدا دەبینرێت لەهاندانی وەبەرهێنان لەهەرێمدا؟) و ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،41) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1،120) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(68،13%) کە ئەوەش ئەوە دەگەیەنێت کە کاری پەیوەندیە گشتییەکان بە شێوەیەکی تەواو کاری خۆی نەکردووە لەهاندان و وەبەرهێنان لە ناو هەرێمدا.

کۆی گشتی ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،12) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1،20) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندیە گشتییەکان) بریتیە لە(62،39%).

**خشتەی(6) دووبارەبوونەوە و ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون بۆ گۆڕاوی پاشکۆ(ڕاکێشانی وەبەرهێنان)**

| برگە | پرسیارەکان | لەگەڵ نیم بەتەواوی: دووبارە | لەگەڵ نیم بەتەواوی: % | لەگەڵ نیم: دووبارە | لەگەڵ نیم: % | بێلایەنم: دووبارە | بێلایەنم: % | لەگەڵم: دووبارە | لەگەڵم: % | لەگەڵم بەتەواوی: دووبارە | لەگەڵم بەتەواوی: % | ناوەندی ژمێریاری | لادانی پێوانەیی | ڕێژەی لەگەڵ بوون(%) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| پرسیارەکانی تایبەت ڕاکێشانی وەبەرهێنان | Y2.22 | 7 | 7.3% | 27 | 28.1% | 21 | 21.9% | 29 | 30.2% | 12 | 12.5% | 3.13 | 1.172 | 62.50% |
| | Y2.23 | 11 | 11.5% | 30 | 31.3% | 23 | 24.0% | 25 | 26.0% | 7 | 7.3% | 2.86 | 1.148 | 57.29% |
| | Y2.24 | 5 | 5.2% | 16 | 16.7% | 19 | 19.8% | 35 | 36.5% | 21 | 21.9% | 3.53 | 1.160 | 70.63% |
| | Y2.25 | 9 | 9.4% | 18 | 18.8% | 11 | 11.5% | 41 | 42.7% | 17 | 17.7% | 3.41 | 1.245 | 68.13% |
| | Y2.26 | 9 | 9.4% | 22 | 22.9% | 30 | 31.3% | 24 | 25.0% | 11 | 11.5% | 3.06 | 1.150 | 61.25% |
| | Y2.27 | 9 | 9.4% | 30 | 31.3% | 14 | 14.6% | 37 | 38.5% | 6 | 6.3% | 3.01 | 1.156 | 60.21% |
| | Y2.28 | 4 | 4.2% | 16 | 16.7% | 10 | 10.4% | 43 | 44.8% | 23 | 24.0% | 3.68 | 1.138 | 73.54% |
| | کۆی گشتی | | | | | | | | | | | 3.24 | 1.17 | 64.79% |

خشتەی(6) دووبارە بوونەوەو ڕێژەی سەدی و ناوەندی ژمێریاری و لادانی پێوانەیی و ڕێژەی لەگەڵ بوون نیشان دەدات بەپێی وەڵامی نموونەی توێژینەوە سەبارەت پرسیارەکانی تایبەت بوو بۆ گۆڕاوی پاشکۆ(ڕاکێشانی وەبەرهێنان) وبەشێوەیەکی گشتی ناوەندی ژمێریاری گشتی یەکسانە بە(3.24)(هاوڕام) کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەوا نموونەی توێژینەوە(هاوڕان) لەگەڵ لایەنی پۆزەتیفی ڕاکێشانی وەبەرهێنان و بەڕێژەی سەدی لەگەڵ بوون کە یەکسانە بە(64.79%)(پەسندە) و لادانی پێوانەی کە یەکسانە بە(1.17) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە وەڵامەکانی نموونەی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی پەرش و بڵاوی کەمن و(وێک چوون) لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکان...

پرسیاری(Y2.22) کە بریتیە:(لەڕێگەی پەیجە فەرمییەکانی ئینتەرنێت و پێگەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، پەنا بۆ میکانیزمی پەیوەندییە گشتییە ئەلکترۆنییە کارلێکەکان براوە بەمەبەستی ڕاکێشانی وەبەرهێنان لەهەرێم و هاندان لەسەری) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.13) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.172) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(62.50%). ئەم ئەنجامە ئەوە دەگەیێنی کە جگە لە ئامرازە کلاسیکیەکان، ئامرازە نوێییەکانی وەک میدیایی نوێ و ئینتەرنێت بەکاردێت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ هەرێمی کوردستان.

پرسیاری(Y2.23) کە بریتیە:(بە مەبەستی هاندانی وەبەرهێنان لە هەرێمدا، هیچ هاوکارییەك لەنێوان پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و حکومەتی ناوەند و فەرمانگەکانی پەیوەندییە گشتییەکاندا هەیە) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(2.86) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.148) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(57.29%) ئەم ئەنجامە ئەوە دەردەخات هەماهەنگی لە نێوان حکومەتی هەرێم و ناوەند لە ئاستێکی نزم دایە ئەمەش ڕەنگە بۆ ئەوەبگەڕێتەوە کە لەدوایی ساڵی 2014 پەیوەندی نێوان بەغداو هەولێر تێکچوو تا گەیشتە برینی بووجە، هەروەها کێشەی نەبوونی یاسایەکی باش هاریکار لەنێوان هەولێر و بەغدا.

پرسیاری(Y2.24) کە بریتیە:(لە پرۆسەی ڕاکێشانی وەبەرهێناندا، وەبەرهێنەر سوودی لە ڕوونکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بینیوە سەبارەت بە ڕەوشی سەقامگیری و ئاسایش و ئارامی هەرێم بۆ وەبەرهێنەران؟) و ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،53) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1،160) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(70،63%) کە ڕێژەیەکی باشە، واتە ئەوە دەگەیەنێت کە ڕوونکردنەوەکانی حکومەتی هەرێم کاریگەری هەبووە لەسەر ئەمن و ئاسایش و سەقامگیری باروودۆخ لەهەرێمی کوردستان و لەبازبوونی بۆ بازرگانی.

لە پرسیاری(Y2.25) کە بریتیە:(حکومەتی هەرێم لەڕێگەی نیشاندانی وێنەیەکی ئەرێنی و جوانی هەرێمی کوردستان، ئایا کەشێکی لەباری بۆ وەبەرهێنان دروست کردووە تاکو هەستێ بە هاندان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان لەهەرێمدا؟) و ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،41) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1،245) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(68،13%). دەردەکەوێت کە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕادەیەکی پەسندکاری کردووە لە نیشاندانی وێنەیەکی جوانی کوردستان تاکو وەبەرهێنەر بێت و سامانێکی تایبەتی خۆی لێرەدا بەگەڕ بخات.

پرسیاری(Y2.26) کە بریتیە:(بۆ دروستبوونی ڕای گشتی وەبەرهێنەری لە هەرێمدا، کارلێکێکی بەردەوام لەنێوان نووسینگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێم و وەزارەتەکان هەیە) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.06) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.150) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(61.25%). لێرەدا ڕۆڵی نووسینگەی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت دەردەخات لە کارلێکردنی ڕای گشتی و وەبەرهێنەردا.

پرسیاری(Y2.27) کە بریتیە:(ئاستی وەبەرهێنان لە کوردستان بەڕێژەی پێویستە) ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3.01) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1.156) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(60.21%) ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئاستی وەبەرهێنان لە کوردستان لە ئاستی پێویستە.

لە پرسیاری(Y2.28) کە بریتیە:(لەو بڕوایەدای کە پەتای کۆڕۆنا و داخستنی جیهان لەڕووی جوڵەو بازرگانییەوە کاریگەری کردبێتە سەر کاری پەیوەندییە گشتییەکان لەهاندان و ڕاکێشانی وەبەرهێنەران؟) و ناوەندی ژمێریاری بریتیە لە(3،68) و لادانی پێوانەیی بریتیە لە(1،138) و ڕێژەی لەگەڵبوون بۆ گۆڕاوی سەربەخۆ(پەیوەندییە گشتییەکان) بریتیە لە(73،54%). واتە پەتای کۆڕۆنا و داخستنی جیهان لەڕووی یەکتر، کاریگەرییەکی زۆری هەبووە لەسەر جوڵەو گەشەی بازرگانی و وەبەرهێنان بەتایبەت لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بازرگانەکان زیاتر لێوەی هەستیاربوون.

## دەرئەنجامەکان

ئەم توێژینەوەیە گەیشتووە بەم دەرەنجامانەی خوارەوە:

1. پەیوەندییەکی بەهاداری ئاماری ڕاستەوانە هەیە نێوان پەیوەندییە گشتییەکان و ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمی کوردستان.
2. پەیوەندییە گشتییەکان کاریگەری بەهاداری ئاماری هەیە لەسەر ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو هەرێمی کوردستان
3. سەرکەوتنی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەوەزارەت و دەستەی وەبەرهێنان لەئەنجامی پلانێکی کۆمەڵی بووە بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنی

کوردی و کوردانی ئەوروپا و عێراق و هەرێمی و جیهانی بۆ ناو هەرێمی کوردستاندا.

4. وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵساوە بە دیاریکردنی بنەمای کاری نووسینگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی حکومەت بۆ ڕاکێشانی وەبەرهێنان بۆ ناو کوردستان کە بگونجێت لەگەڵ ئەم قۆناغەی ئێستای هەرێمدا.

5. نووسینگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەت و دەستەکان پلانێکی سەرکەوتوو بەکاردێنێت بۆ مامەڵەکردنی وەبەرهێنەر ناوەوەو دەرەوە بۆ پێکهێنانی چوارچێوەیەکی ئابووری بۆ ڕاکێشانی سوودو قازانج بۆ ناوەوەی هەرێمی کوردستان.

6. نووسینگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی وەزارەت و دەستەکانی هەرێمی کوردستان هاوکارو پاڵپشتە لە پێناو سەرکەوتن و بەرەوپێشبردنی وەبەرهێنەری هەرێم لەدوای ساڵی 2003دا.

7. سەرکەوتنەکانی ڕاکێشانی وەبەرهێنانی بۆ ناو هەرێمی کوردستان بەهۆی ئەو شارەزایی و پلاندانانی کادیرانی پەیوەندییە گشتیی لە وەزارەت و دەستەکانی دێت.

## راسپاردەکان

1. ئامادەکردنی ستراتیژیەتێکی گەورەی کوردی لەهەرێم بۆ سەرجەم نووسینگەکانی پەیوەندییە گشتییەکانی کە تێدا مەبەستی بەئامانجگرتنی کوردو عەرەب و عێراق و ناوچەی دراوسێ و جیهان لەسەر ئەو بنەمایەی کە وەبەرهێنان لەهەرێمدا سودبەخشتر و سەلامەت و زامنە بە بەراورد لەگەڵ ناوچەکانی دیکەی ناوەڕاست و خواروی عێراق کە بەزمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی و فەرەنسی تورکی و فارسی وەهەر زمانێکی دیکەش ئەگەر پێویستی کرد دەکرێت.

2. فەرمانگەکانی پەیوەندییە گشتییەکان لە وەزارەتەکان و حکومەت و پەرلەمان و دامەزراوەکانی وەبەرهێنان لە هەرێم کارلێککردنەکانیان لە ڕێگەی ئینتەرنێت و سایتەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە زیاد دەکەن بۆ ئاشکراکردنی قازانجی وەبەرهێنان لە هەرێمدا.

## لیستی سەرچاوەکان


1- أبراهيم عربي- علي وجدى و عربي. (2002). المناخ الاستثماري وجدوى الاستثمار الأجنبي المباشر. المركز الجامعي يحيى فارس.

2- ابراهيم مصطفى. (1999). المعجم الوسيط،. استانبول، تركيا:،دار الدعوة.

3- ايمان،، ب. ع. (2017). دور العلاقات العامة في تنشيط سياحة الداخلية. جزائر: رسالة ماجستير غير منشورة, جامعة د.مولاي طاهر.

4- بوخناف هشام. (2011). وظيفة العلاقات العامة و انعكاساتها علي اداء المؤسة العمومى. الجزائر: دار الجامعة

5- جەمال عبدول. (2004). فەرهەنگی ڕاگەیاندن. سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.

6- حسين خليفة. (2019). العلاقات عامة. القاهرة: دار المعارف.

7- خديجة بوزار. (2003). الاستثمار الأجنبي المباشر في الجزائر. الجزائر: مذكرة تخرج ليسانس - المركز الجامعي يحيى فارس المدية.

8- د. هناء عبدالغفار. (2002). الاستثمار الاجنبي المباشر والتجارة الدولية الصين انموذجاً. بغداد: منشورات بيت الحكمة ، الطبعة الاولى.

9- د.محمود يونس د.علي يونس و عجوة. (2005). أدارة و تخطيط العلاقات العامة. مصر: جامعة قاهرة ,كلية الاعلام , الطبعة الاولي.

10- زكي محمود هاشم.(1996).العلاقات العامة. الكويت: ط3، ذات السلاسل.

11- زياد رمضان(2016) مبادئ الاستثمار المالي و الحقيقي.عمان: ط3-داروائل.

12- زياد مطر. (2008). ادارة الاستثمارات – الاطار النظري و التطبيقات العملية. عمان : دار وائل للنشر .

13- طاهر حيدر جردان. (1997). مبادئ الاستثمار. عمان: دار المستقبل.

14- عبدالناصر سليم حامد،. (2012). معجم مصطلحات الخدمة الاجتماعية. عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع.

15- عەلی, هۆشیار مزەفەر(2011) پەیوەندییەگشتییەکان.هەولێر: ڕۆژهەڵات.

16- سعيد لانه صابر محمد. (2005). العلاقات العامة في مجلس وزراء إقليم كردستان/ إدارة السليمانية. سليمانى.

17- محمد البادي. (1991). المشكلات المهنية في العلاقات العامة. القاهرة: مكتبة الأنجلو المصرية.

18- محمد محمود (2017). العلاقات العامة والإعلام في الدول النامية. دار الجامعة.

19- محند المحمد. (2010). مدخل للعلاقات العامة. دمسق.

20- Alan, F. (2009). Ashli Quesinberry Stokes, Global public relation. new yourk: Routledge taylor &francis group.

21- Dardha, V. ( ,2004). e – government for developing countrie. The Electronic Journal on Information Systems in Developing Countries EJISDC, 6-24.

22- Dr.Linda childers Hon،(1999).Guidelines for measuring relationship in public relation. florida: Institute for public relation



**Abstract:**

This paper entitled (The Role of Public Relations of the Kurdistan Regional Government in Attracting Investors) is an attempt to answer the following questions: How does public relations the main tool and its management in its mission, objectives, and models attract investors to the Kurdistan Regional Government. What is the role of public relations for the KRG in attracting investors to the region.

The research followed the descriptive statistical approach for the purpose of data collection, analysis, interpretation and search for the phenomenon. An applied research tool matches the methodology, goal, purpose and nature of the research community. A questionnaire and data analysis through the (SPSS) program was used to analyse demographic elements and aspects. The research population is the public relations department of the Kurdistan Regional Government, the public relations commissions of the Kurdistan Regional Government, and all ministries that include public relations. More

specifically, this includes the Public Relations Department, 10 of the 19 ministries in the 9th Cabinet, and the KRG's Department of Foreign Relations. The research targeted this population census, as there are only these ministries and one department of relations have offices in the structure of ministries and departments. The research sample included 96 employees from the Department of Relations of both sexes.

The objectives of this paper are as follows, Disclosure of the role of public relations for the Kurdistan Regional Government in attracting investors to the Kurdistan Region.

Here are the main findings of this study; there is a direct and valuable relationship between the KRG's public relations and the attraction of investors to the region. Public relations have a valuable statistical impact on attracting investors to the Kurdistan Regional Government., The success of the KRG public relations in the ministry and the investment committee is due to a collective strategy to attract Kurdish investors within the region, from Europe, Iraqi investors, and investors from home and abroad to the KRG. The Department of Public Relations in the ministries of the Kurdistan Regional Government and investment committees employ a successful plan in dealing with investors at home and abroad in order to create an economic framework for appealing interest and benefiting from it within the Kurdistan Region.